# چاو پیاخشانێک بە تەرجومەی " چاوی دایە و لانەی پەڕەسێلکەکان"دا

سپتامبری 2007

**خالد امین**

پێشەکی:

ئەدەبی کوردی پێویستی بە یارمەتیدان هەیە. ئەم قۆناغەی کە ئەدەبی کوردی پێیدا دەڕوات لە باری مێژووییەوە قۆناغێکی هەستیارو ناسکە. بۆچی؟ لە بەر ئەوەی لە گەورە وە هەتا بچوک، زاناو زمانەوان تا دەگاتە قوتابییەکی قوتابخانە کە لە ئیملای کوردی دا دەرناچێت خەریکی نووسینن.

شانبەشانی ئەمانەش هێندێک نووسەر و شاعێر و ئەدیبی ناسراو و تازەپێگەیشتوو بەرهەمەکانیان بڵاو ئەکەنەوە و ئەیخەنە بەر دەستی خوێنەران. بەداخەوە ئەم بەرهەمە ئەدەبیانە وا ئاوێتەی لافاوی هێرشهێنەری شێعر، ڕۆمان، مێژوونووسین، گاڵتەو گەپ، کۆمێنتی جوراجور و ڕا و بۆچوونی زۆر جیاواز لە یەکتر سەبارەت بە هەموو بابەتێک دەبن، کە ڕەنگە ئەدەبییەکەیان لە دەست ئەدەن و لە ژێر تەوژمی گێژاوی ئەو لافاوەدا ئەخنکێن.

لەیرەدایە کە پێویستە داوا بکەین لەو جەماوەرە هەرە زۆرەی نووسەرانی ئەمڕۆ، کە پەلامار ئەدەنە هەموو شتیکی ئەدەبی و خۆیان لە هەموو بوارێکدا بە وەستا ئەزانن، (تکایە بۆ خزمەت بە ئەدەبی کوردی با واز لەو بەشە ئەدەبیە کە خەریکە گەشە ئەکات بێنین و خۆمان بپارێزین لە دەستکاریی کردنیان).

بە بڕوای من ئەدەب و زوانی نووسینی کەسانێکی وەک نەسرین شاکەلی کە خۆشبەختانە زۆرن، ئەدەبێکی تایبەتی و زوانێکی تایبەتین و لە نێو نووسینەکانیاندا گەلێک پەیامی ئاشکار و نهێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی هەیە. هەر لەبەر ئەو هۆیە زۆر گرنگە بەرهەمەکانیان بە جوانی و ڕەوانی تێبگەی تا بتوانی ڕەخنەی ئەدەبییان لە سەر بنووسی. یان وەریبگێڕیتە سەر زمانێکی تر.

لێرەدا من باس لە وەرگێران دەکەم. پێویستە وەرگێڕ شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی سەرچاوەو زمانی وەرگێڕاندا هەبێت، ئەگینا وەرگێرانی بەرهەمی ئەوانە بۆ سەر زوانێکی تر نە خزمەت بەوان و نە خزمەتیش بە زوانی کوردییە.

بۆ وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی (تەرجومە) لە زوانێکەوە بۆ زوانێکی تر پێشەکی پێویستە کە وەرگێڕ لە هەردوو زمانەکەدا شارەزاییەکی تەواوی هەبێت. هەروەها ئەبێت هەردوو زوانەکە وەک یەک بزانێت. بۆنموونە، ئەگەر من کوردی و عەربی بزانم بەڵام عەربیەکەم باشتر نەبێ لە کوردییەکەم وە هەر وەها بە پێچەوانە، باشتر وایە هیچ شتێک لە کوردییەوە بۆ عەرەبی یان لە عەرەبیەوە بۆ کوردی وەرنەگێڕم.

لێرەدا ئاماژە ئەکەم بۆ دیمانەیەکی کاک خالد موحەمەدی لە گەڵ ئیبراهیمی یونسی کە لە سایتی دیمانە بینیومە و بە داخەوە بەهۆی داخرانی سایتی ناوبراوەوە نەمدۆزییەوە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەی کاک خالد دا، (بۆچی هیچ وەرناگێڕێتە سەر زمانی کوردی؟) برایمی یونسی دەڵێ: "من بەسەر زمانی کوردیدا زاڵ نیم". هەر لە هەمان شوێندا یونسی، باس لەوە

ئەکات کە چۆن نووسراوە ئەبێت وەک خۆی تەرجوومە بکرێتەوە. وە ئەوەش ئەزانین کە لە دوای موحەمەدی قازی (موتەرەجم) و ئاغای بەئازین، ئیبراهیمی یونسی یەکێکە لە باشترین موتەرجمەکانی ئێران.

باسێکی تریش کە ڕەنگە بێتە ئاراوە، باسی شێوەکانی تەرجومە کردنەوەیە. تا ئیستا موتەرجمە فارسەکان و ئەدیبە ئێرانیەکان سێ جۆر تەرجومەیان باس کردوە. تەرجومەی وشە بە وشە (تحت الفظی)، ترجومەی ئازاد و ترجومەی دەقیق. دیارە تەرجومەی دەقیق کە بۆ نوسراوە ئەدەبییەکان (بێجگە لە شێعر) بەکار هاتووە و دێت.

سەبارەت بە تەرجوومەی ئازاد، هەندێ کەس لە وەرگێڕانی ئازاد وا تێگەیشتوون کە بۆیان هەیە بە کەیفی خۆیان چۆنییان پێخۆش بێت خۆیان ناوەرۆک و دەقی نووسراوەکە بگۆڕن، یان هەر وشەیەک کە کەیفیان لێ بوو بیگۆڕن بە شتێکیتر. بۆ نموونە خەنجەر بکەن شەمشیر، وە یان مەڕ بکەن بە بزن، چونکە ئەمانە لە یەکەوە نزیکن و سەر بەیەک بنەماڵەن.

بە ڕای من، مەبەست لە تەرجومەی ئازاد؛ واتە تۆ ئازادی، بەهۆی دژواریی زوانی سەرچاوە وە هەروەها بۆ گەیاندنی مەبەستی نووسەر، لە ژێرنووسدا یان لە دەقی نوسینەکەدا ڕوونکردنەوەت هەبێت. بۆ ئەوەی بتوانی بە پەرە پێدان وە یان گۆڕینی وشەیەک بۆ وشەیەکی زۆر باوتر مەبەستی نووسەر بە خوێنەر رابگەیەنیت. تەواوی مەسەلەکە لەمەدایە. گرینگ ئەوەیە پەیامی نووسەر بگاتە خوێنەر و خوێنەر هەست بکات بەو مەبەستە.

دەربارەی وەرگێڕانی ئازاد، ئەحمدی شاملۆ ئەڵێت:- "جار جار ئەتوانین برێک شێعر وشە بە وشە وەرگێڕین. ئەمە تەجروبەیەکە کە من بۆ خۆم لە هندێک لە شێعرەکانی لۆرکادا همە. شێعری واش هەن کە (تەرجومەی دەقیق) ناکرێت، لە کاتێ وادا ئەبێ لە وەرگێڕانی دەقیق چاو پوشی بکەین و سەر لە نوێ داینێینەوە. بەڵام ئەو دانیانەوە ئەبێت رەنگ و بۆی دەقی سەرچاوەکەی هەبێت، وەک بڵێیت شاعێر هەمان شێعری بە زوانی دووهەم وتوەتەوە". (در بارە هنر و ادبیات- بە کوشش ناصر حریری ص 118)

**لەم رۆژانەدا بە ناوی (مودرنەتی)وە هەر کەس هەر شێک کەیفی رازی کات ئەیکات. نوسەرە و شاعێرە ئێرانیەکان پانچوەیشنیان لە نوسینی مودرندا بە کار هێناوە. شاملۆ، فروغ، چەند ئەدیبی تر لەو کەسانەن کە بایخی Punctuati زۆریان داناوە بۆ پانچوەیشن. بەڵام هێچکامیان، نشانەی پانچوهیێشنیان وەک وشە بەکار نە هێناوە. بۆ نمونە ئەم (؟) نشانە لە جێگای فعل، ناو و ئاوڵناو بە کار نەهاتوە، ئەم نشانە نشانەی پرسیارە. بە داخەوە لە نوسینێکدا کە لە خوارەوە باسی دەکەین ئەم (...) لە جێگای فێعل بە کار هاتووە. لە کاتێکدا شاملو ڕستە کە تەواو ئەنوسێت. لە پاشان (...) دا ئەنێت. بەم شێوە خوێنەر تێ ئەگەێنێت کە کردوە یان هستەکە ئەتوانێت درێژەی هەبێت.**

شاملو هەر لە هەمان سەر چاوەدا، دژ بەو چەشنە نوسراوانە کە بە کەیفی خویان وشەی سەر چاوە لە بەر چاو ناگرن و بۆ رەزامەنی دڵی خۆیان هەر چی هات بە نوکی قەڵەمەکەیاندا ئەینوسن ئەڵێت: " گرفتێکی تر سەڵاحیەتی موتەرەجمە، کە بە بێ ئەوە ئاشنای لە فەرهنگی زمانی سەر چاوە بیت تەرجومە ئەکەنەوە. نمونەیەک یەکێک شێعرێکی منی وەرگێڕاوەتەوە و وشەی (حرمتی) بە (خرمنی) خوێندوەتەوە لە تەرجومەکەدا کردوویە بە (یەک خرمن)" (هەمان سەر چاوە ص 120)

لە نوسینێکی ئەدەبیدا وەک کورتە چیرۆکی " چاوی دایە و لانەی پەڕەسێلکەکان" ، لە خۆڕایی نییە کە نووسەر باسی

کات، شوێن، هەستی کارەکتەر دەکات . واتە ئەگەر ئەڵێت بەیانی مەبەستی بەیانییە نەک کاتێکی تر.

یان لە ناو چیرۆکەکەیدا ئەبێت کاراکتەری "دایە" بە خوێنەر ڕاگەیاندبێت ئەگینا کارێکی نەکردوە. وە ئەگەر ئەوەشی کردووە وەرگێڕی ئەم چیروکە بۆی نیە کاراکترەی "دایە" بە هیچ شێوەیەک بگۆڕیت. لە بەر ئەوە تەواوی چیرۆکەکە لە سەر بنەمای ناساندنی کاراکتەری "دایە"یە بە خوێنەر.

بۆ وەرگێڕانی دەقێکی وا، ئەبێت خوێنەر هەمان هەستی لا بخولقێ کە خوێنەرانی چیرۆکەکە لە زوانی سەر چاوەوە هەستی پێ ئەکەن.

با بێنە سەر ترجومەی کورتە چیرۆکی " چاوی دایە و لانەی پەڕەسێلکەکان" لە لایەن قەیرانەوە (ئەحمەد) بۆ فارسی لەم (http://ghairan-adab.blogfa.com/post-12.aspx) شوێنەدا

پێش هەمو شتێک، لە فارسیدا بە نانی بەیانیان ئەڵێن (صبحانە) و لە زۆر شوێنی ئێراندا هەر وەها ئەڵێن (ناشتا) یا (ناشتایی) کە چی بەڕێز وەرگێڕ کردویە بە (ناشاتی) کە تەنیا وەک هەڵەیەکی نوسین ئەتوانین لێی قەبوڵ کەین.

لە کوردیدا "بەیانییان زوو"، مانای ئەو کاتەیە کە خەڵک هەموو ئەبێ هەڵسن لە خەو و بەرچایی بخۆن و و بڕۆن بە لای ئیش و کاری خۆیانەوە. "بەیانیان زوو" لە فارسیدا ئەبێتە (صبحها زود.) وشەی "بامدادان" "بەیانیان" ناگەیێنێت. لەبەرئەوە "بامدادن" دهخدا ترجەمەی کردوە بە "طلوع فجر" یانی هێشتا هەتاو هەڵ هەڵنەهاتووە واتە (شەبەق). شەبەق لە کوردستاندا دوو سەعات پێش ڕۆیشتنی منداڵە بۆ مەدرسە.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە موتەرجم وایزانیوە کە "بامدادان" چونکە بە (ان) دوایی هاتووە وشەی کۆکراوەیە. لە کاتێکدا "بامدادان" وشەی تاکە و کۆ نیە. ئەو(ان)ە (ان)ی نسبەتن.

لە دەقی چیرۆکەکەدا نووسەر، بەکوردی لە سەر وشەی " **مەکتەبلییەکانی**" تەئکیدی هەیە و پێی داگرتووە، ئەگەر وانەبوایە، یەکەم: نەیئەیوت "منداڵە مەکتەبلییەکانی". دووەم: مانای وشەی " **مەکتەبلییەکانی**" لە ژێرنووسدا نەئەنووسی. لە فارسیەکەدا موتەرجم بە هیچ شێوەیەک ئەمەی لە بەر چاونەگرتوە، یان لە مەبەستی نووسەر تێ نەگەیشتووە هەر بۆیە ئەو وشەیەی کردووە بە "هر دو جگر گوشەاش" کە لە روانگەی دەستوری زمانی فارسییەوە هەڵەیە چونکە "دایە" بە گوێرەی دەقی چیرۆکەکە تەنیا دوو منداڵی نیە بەڵکو منداڵێکی تریشی هەیە کە ناچێتە مەکتەب. ئەگە بشلێن قەیدی ناکات با بە دڵی وەرگێڕ بێت وشەی "جگر گوشە" هەڵە نییە، ئەبوایە بیوتایەت "جگر گوشەهایش"، کە هەم باو ترە و هەم لە "بەیانی کەلامدا" جوانترە.

لە تەرجومەی پاراگرافی یەکەمدا هەڵەیەکی ڕێزمانیی تر هەیە کە ناتوانین چاوپۆشیی لێبکەین. لە زمانی فارسیدا ئەتوانین بۆ دوو ڕستە یەک فەرمان (فعل) بە کار بهێنین بەم شێوە کە فەرمانی ڕستەی یەکەم لا ئەبەین و لە جێگای ئەودا (و) عاتفە دائەنێین و لە کۆتایی ڕستەی دوهەمدا فەرمانەکە دائەنێن. لە دەقی کوردیەکەدا کچەکە بە "بووکەکەی وازی ئەکات" ئەمە ڕستەیەکی تەواوە هیچ پەیوندیەکی بە کاری دایەوە کە " **دەستدەکاتە خاوێنکردنەوەی ناوماڵ**" نییە. لە فارسیەکەدا ئەمە کە ئەم ئیستا خەریکە دەست پێ دەکات بەڵام ئەو دەستی پێ کردوە و لە ناوەراستی کارەکەدایە لە بەر

چاونەگیراوە و لە جێگای (میکند) ئەم "..." دانراوە لە کاتێکدا ئەگەر (میکند)یشی دانایەت هەر هەڵە ئەبوو وە وەک وتمان ئەم نیشانە (...) ئەبوایەت لە دوای فیعلەکە دانرایت نەک لە جێگای فێعلێکی نادیار.

" **دەستەکاتە خاوێنکردنەوەی ناوماڵ**" بو ئەم ڕستەی لە جێگای "جارو کشیدن هر روز خانە را..." دا نراوە، ئەگر قەبوڵیش بکەین کە (فعلی کشیدن) کە مەسدەرە و کاتی کارەکە پیشان نادا قەید ناکات کە بەکار بێت، باشتر بوو (تمیز کردن هر روز خانەرا...) و یا (تمیز کردن روزانە خانە را...) بە کار بێنێت. چون (جارو کشیدن) واتە گزکدان وە لە گەڵ خاوێن کرنەوە زۆر جیاوازن.

ئەگەر بە پەلە سەیری ترجومەی پاراگرافی دووی فارسیەکە بکەین لە ڕواڵەتدا شتێکی نالەبار نابینین. تەنیا ئەزانین کە موتەرجم چەند وشەی وەک "حدیث، شکم، انباشتە و قار و قور" بێ ئەوە لە کوردیەکەدا هەبن داناوە. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە سەیری کەین نووسەری سەرچاوە لە دەقی کوردیەکەدا بارودوخی جیاواز و بۆچوونی جیاوازی ئەو دوو منداڵە، هەرچەند لە یەک مەکتبدان پیشان ئەدات. ڕوانگەی ئەو دوو منداڵە لە سەر زۆر شت جیاوازیی تێدایە. هەر کامیان "قسە و باسی خۆیان هەیە" کەی و لە کوێ باسی برسییەتی و قار و قوڕی زکیان ئەکات کە لە بنەڕەتەوە پەیامی نووسەر سووک ئەکات و لە بەر چاوی ناگرێت.

لەم بەشەی خوارەوە دیسان بە ترجمەیکی سادە، وەرگێڕ، پەیامی نووسەری خستۆتە پشت کەنوو. بۆنموونە منداڵی دووهەم دوو شتی لە بەر چاو گرتووە کە هەردووکیان پیشاندەری جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگای ئەو سەردەمەیە. لە لایەن منداڵی دوهەمەوە پلەوپایەی مامۆستا زۆر بەرزە، وە ماشین شتێکی نایابە (بۆ ئەو) ئەم چەشنە بۆچوونەی ئەو منداڵە تەنیا ئارەزوویەکی منداڵانە نییە، بەڵکو شوێنەواری کۆمەڵایەتی بنەماڵەکەی تێدا شاراوەتەوە کە ئەبووایە موتەرەجم بە جۆرێک بە خوێنەری فارسزوانی ڕابگەێنێت.

"**دەنگیان ماندووی دەکات و دەڵێ، ڕۆڵە بەسە، بیبڕنەوە.**"لە فارسیەکەدا ئەگەر سەیری ڕستەی یەکەم (بەشی یەکەمی پاراگرافەکە) بکەین سەرەڕای ئەوە کە ئەو ڕستە لە کوردییەکەدا نییە فارسیەکەشی بێ مانایە. (هر دو بچە مدرسەایش مدام در حال حرف زدند) ئەگەر مەبەستی موتەرجم ئەمەیە کە ئەو دوو منداڵە بەردەوام قسە ئەکەن و ئەگەر وشەی (زدند) بە هەڵەی ئیملایی داینێین هێشتا ڕستە فارسیەکە ناتەواو و بێمانایە و ئەبێت ئەم ڕستەیە لە شوێنیدا دانرێت (هر دو بچە مدرسەایش مدام در حال حرف زدن بودند) (کە در چنین جملەای سقل کلام اظهر من الشمس است). ئەگەریش ئەو مافە بدەین بە وەرگێڕ کە ئەو ڕستە زیاد بکات لەو پاراگرافەدا ئەیتوانی بڵێت (بچەها مدام در حال حرف زدن بودند) کورت و موختەسەر. (این کجا و آن کجا؟).

لە بەشی دووهەمی پاراگرافەکە "**ڕۆڵە بەسە، بیبڕنەوە.**" لە خۆیدا نهێنییەکی تێدایە. ئەوەش کاراکتری "دایە"یە. چۆن ئەتوانین دایکێکی دڵسۆز، هێمن، لە سەرخۆ، تاوانبار کەین بەوە کە بە تووڕەییەوە بە منداڵەکانی بڵێت؟ "اینقد وراجي نکنید، بسە." (ناشزانم کە لە دەقی فارسیەکەدا بۆ ئەو ڕستەی کەوتوەتە نیو سپیچ مارکەوە( = ").

وشەی "وڕاجی" لە کوردیدا هاوسەنگی کاوێژ کردن و چەنەبازیی و قسەی بێمانایە. و لە ڕاستیشدا بەکارهێنانی بۆ منداڵیش ناشیرینە. لەو بڕوادا نیم کە ئەو "دایە" یە لە ژیانیدا شتی وای لەزار دەر چووبێت. کوردیەکەش وا پیشان نادا

که "دایه" تۆڕەیه، تەنیا ماندووه، وه ئەگەر تورەش بێت وشەی "ڕۆڵە" پێشاندەری ئەوەیە کە نایەوێت منداڵەکان بە تورەیەکەی بزانن.

به پێچەوانەی ئەو تەرجومه باشتر وابوو، کاراکتری "دایه" هەر وەک چۆنه، ئاوها به خوێنەری فارسزوانی بناسێنین و بەشی دووهەم بەم جوره ترجومه بکەین (بچەها لطفا بس کنید). وه لەو بڕوایەشدام که مەبەستی نووسەری سەرچاوه هەر ئەوەیه.

"دەچێته چێشتخانەکه، نانیان بۆ دێنێ و خۆیشی له پەنایاندا لەکن زۆپاکه ڕادەکشێ" . کارمان بەوه نەبێ که ڕستەیەکی کورتی کوردی که پڕه له مانای نادیار، چۆن کراوه به فارسی. ئێمه کارمان به فارسیەکەوه هەیه که نازانم ئەم چەشنه سەبکه ئەدەبییه له کوێوه وەرگیراوه؟ سەرەڕای هەڵەی ئیملایی، ئایا "آنها گرسنه خوردنند" هەر مانای هەیه؟ یان مەبەستی ئەوەیه که ئەوان (برسیان خوارد)؟ یان ئەم ڕسته له کوێڕا هاتووه "وه هر روز افتاده به یک طرف"؟ واته هەر ڕۆژ له شوێنێک پاڵ ئەکەوێت. مەبەستی موتەرەجم له زیادکردنی ئەم ڕستەیه چییه؟ ئایا له جێگای ئەو تەرجومه دوور و درێژه که پێوەندی به دەقه کوردییەکەوه نییه باش نەبوو بڵێت (به آشپزخانه میرود، برایشان غذا میاورد و خودش مهربانانه درکنارشان نزدیک بخاری استراحت میکند.)؟ به داخەوه ناشارەزای له فەرهنگی کوردیدا لەم تەرجومەدا زۆر ڕوونه، له بەر ئەوه (هەر ڕۆژ له شوێنێک پاڵ ئەکەویت) له زۆر شوێنی کوردستاندا جنیوه.

له پاراگرافی حەوتی تەرجومەکەدا ئەبینین که "تاق" به "نورگیر سقف"[ii] وەرگێڕاوەتەوه. نورگیری بنمیچ لەو خانوانەدا بەکار ئەهێنرێن که له سەر مۆدێلی ئەندازیاریی نوێیه و لەو جۆره خانوانەدا "پەڕەسێلکه" ناتوانێ هێلانه بکات. ئەگەر وەرگێڕ له ناوەرۆک و مەبەستی چیرۆکەکه وورد ببوایەتەوه، تێدەگەیشت که "دایه" له خانویەکی نوێو تازه و مودرندا ناژیت. چونکه نووسەری چیرۆکەکه خۆی تووشی هەڵەی وا ناکات که لەم پاراگرافەی چیرۆکەکەدا باسی "نورگیری سقف" بکات و له چند پاراگرافی خوارتربنووسێت "خەونۆچکه دەیباتەوه چاو له بنمیچی ژوورەکه دەکات، چەنده نزمه وادەڕووخێ! هێلانەی پەڕەسێلکەکان له سوچەکەوه دیاره، بڵێی هیچییان لێنەیەت...؟".

بەڵام خوێنەری فارسزوان وا تێئەگەن که نووسەر گوێی نەداوەتێ و له پڕ بۆ ئەوەی چێژی چیرۆکەکه زیاد بکات ژوورەکەی "دایه" و منداڵەکانی که مودرنو و له سەر ئەسلوبی تازه بوو، فارس وتەنی کردوه به (کولنگی). واته له سەرەو خانوێکی نوی و له دوا دوایی چێرۆکەدا خانویکی قوڕین که خەریکه "بڕۆخێت".

له پاراگرافی هەشتەمی فارسیەکەدا، ئەبێت جیاوازییەک له نێوان ڕستەی "خەویان لێدەکەوێ" و (هەموو کاتێک له خەودان) دا هەبێت. ئەم خەوه که مەبەستی نووسەری سەرچاوه خەوتنی ئەوشەوه تایبەتیەیه که چیرۆکەکه تێیدا ڕوودەدات، بەلای بۆ وەرگێرەوه بۆته خەوێکی هەتاهەتایی. (ئەوان ئەوەنده ئەخەوەن که هیچ کات به سەرهاتی چیروکەکانی "دایه" نازانن، خەو خەو...) وه به پێی دانانی (...) هێشتا خەوەکه هەر درێژەی هەیه.

له درێژەدا: "به پەله دەڵێ نا". لێرەدا نووسەر نەسرین شاکەلی ئەیەوێت پەیامێک بگەێنێت به خوێنەر، وشەی "به پەله" ئەو پەیامەی تێدایه. بەڵام پەیامەکه دەسەپاچه بوون نییه، ئەگەر له کاراکتری "دایه " وا تێبگەین که دەسته پاچه ئەبێت و ناتوانێ ئەو منداڵانه به خێو کات، ئەوه هەڵەتێگەیشتووین. له کۆمەڵگای کوردیدا تەنیا کوڕەکەی نییه که بپرسێت " بابه

نەهاتەوە؟" بەڵکو دەراوسێ و خەڵکی تریش هەر ئەو پرسیارەی لێ ئەکەن کەوابوو نە دەسەپاچەیە و نە توورە، بەڵام نایەوێت لەو کاتەدا بیرەوەریەکانی کە هەزارانن لە ژیانی هاوبەش، وە بیر خۆی و کورەکەی بێنێتەوە. کەوابوو بەپێچەوانەوە "بە پەلە" دەسەپاچەیی و شڵەژانی تێدا نییە، بەڵکو ئەهوەن کردنەوەی ئەو هەستە خەمناکەی کورەکەیە لەو ساتەوەختەدا. واتە هەستی نەبوونی باوک. کە ڕەنگە کوڕەکەی لە باری دەروونییەوە دووچاری نەخۆشی بکات. هەر لەبەرئەوەشە " نەرم نەرم دەست بە تەوێڵیدا دێنێ و دەڵی بنوو".

لە دوایشدا "تەوێڵ" لە فارسیدا نابێتە گۆنا بەڵکو ئەبێتە (پیشانی). وە هەر لەم پاراگرافەدا هەر ئەو وشەیە نییە کە مانای فارسیەکەی هەڵەیە، بەڵکو چەندان وشەی تریش هەن، بۆنموونە:

دوو وشەی "جرز و جلیز" بە هیچ شێوەیەک بۆ دەنگی دەرگا بە کار نابرێن و هەر کامییان بۆخۆی خاوەنی مانای سەربەخۆن. بۆ جیرەی دەرگا لە فارسیدا هەر وشەی (جیڕ جیڕ ) یان (جیڕ و وێڕ ) بەکار ئەبرێت.

دیارە چونکە وەرگێڕ زۆر شارەزای بە سەر فەرهەنگی کوردیدا نیە، نازانێ کە "توڵەکەو چاوبازە" دوو جۆر ڕووەکی سەوزن و لە ناوچەی گەرمەسێرو دەشتاییدا دەڕوێن و وەک ڕێواس و پونگە و شتی وا دەخورێن، هەر بۆیە ئازادی داوە بە خۆی و هەردووکییانی گێڕاوەتە سەر "باسکردنی ڕۆژگاری ئاشقی"!!
دیسان لە بەر نەزانین لە فەرهەنگی کوردی و لە یەکچوون و نزیکیی وشەی (خول) کە ئەسڵەکەی فارسیە واتە گێل، یان بێعەقڵ لەگەڵ "خولە" کە نازناوە بۆ مەحموو. لە جێگای (سویلا و مەحموو لێرە ڕۆیشتن) کراوە بە (سوێلا و مێردە شێتەکەی لێرە ڕۆیشتن) ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە نازانین کە خولە چی سویلایە، میرد، باوک، برا، هاوڕێ، دەراوسێ؟!!

هاژە و هوژە بو "گرمەی هەورو گڤەی با" زۆر بێ جێیە چونکە هاژە و هۆژە لە لای فارس قەت بەکار نەهاتووە هەر کورد بە کاری ئەبەن و هاوسەنگی فارسی وەک (صدای ڕعدو برق و وزش تند باد) بەکار دەبن.

وەرگێری بەڕێز ئەوەندە دەقیق بووە لە تەرجومەکەدا کە ئەو پاراگرافەش کە باسی "پشیلەیەکی ڕەشی چاوزەرد،"ی تێدایە هەر وەر نەگێراوەتەوە. تۆ بڵێت نەیزانی بێت پشیلە بە چی ئەڵێن؟

لە کۆتاییدا چاک بوو لەم وەر گێرە مانا و مەفهومی تەرجومەی ئازادمان زانی و ئەتوانین بە کەیفی خۆمان برژانگ بەکەینە (ئەبرو)! یان ڕەنگە فارسیەکەی من خراب بێت و فارس بە برژانگ بڵێن برۆ، ئەگەر وابێت ئەی داخم بە برۆ ئەڵێن چی؟

---

[i] لۆرکا یەکێکە لە بەناو بانگترین شاعێرانی جیهان. 1899 - 1936

[ii] لە سەر ژووری دانیشتن، بۆ ئەوە ڕۆشنایەکی زۆر بێتە ناو ژورەکە بە گوێرەی گەورەو بچوکی خانوەکە بنمیچەکە ناگرن. و کونێکی گەورە کە بە چوار چێوەی ئالمنیوم یان ئاسن دا ئەنن و بە شوشەی مات کە ئەگەر کەسێک لە سەر بان بوو ناو ژورەکە نە بینێت دائەپۆشن. لە ئێراندا پێی ئەڵێن نور گیر لە بەر ئەوە هەم نوری بەیانی و هەم نوری عەسران ئەخاتە ناو ماڵەکە. "تاق" یان دەلاقە، لە دیواردایە ڕوو بە کۆڵان و بە شوشە بۆ ڕوناکی ئەبسترێت. زۆربەی تاقەکان لە گەڵ پەنجەرە جیاوازن، چۆن تاق ناکریتەوە. بەڵام پەنجەرە ئەکرێتەوە.